# سەرکردەیەکی بێ وێنە
# مردنێکی بێ وێنە !

**ئاری عەبدوللەتیف**


مامۆستا لەم شوێنەداو لەماڵەکەی خۆیدا وەفاتی کرد ! 2009 ز

ڕابوونی ئیسلامی کوردستان لە سەرەتای ساڵی نوێی کۆچیدا یەکێك لە شۆڕەسوارترین پیاوەکانی خۆی لەدەستداو بەمەش درزو کەلێنێکی گەورە کەوتە ڕەوتی کاری ئیسلامیی و ئیدی زەحمەتە سەرکردەو موفەسسیرو موفەکیرێکی دیکەی بە وێنەی مامۆستای پایەبەرز دروست بێتەوە، چونکە مامۆستا مەلا ئەحمەد بە تەنیا مرۆڤێکی سادەو ئاسایی نەبوو، ئەو جگە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی خاوەن تەقواو لەخوا ترسانێکی عەجیب بوو، هەمیشە کە دەمبینی قیامەتم دەهاتەوە بیر، کە سەیرم دەکردو ڕووی نورانیی و تەوێڵی گەش و ڕیشی سەحابە ئاساییم دەدی، بۆنی ڕۆژی حەشرم ئەکرد، مامۆستا لە ژیانیدا هێندەی کەسێکی قیامەتیی و خواویست بوو هێندە دنیای ماددەو جیهانی جەستە کوژی سامان و پارە کاری لێ نەئەکرد، هەربۆیە کە دەڕۆشتیتە ماڵەکەی لە پاڵ کتێبخانەکەی و لەسەر فەرشێکی سادە لەگەڵیدا دادەنیشتیت و قەنەفەو ئەتەکێت و ئەجهیزەی جۆراوجۆر وەك سەرکردەکانی تر لای ئەو هۆکاری مناڵانە بوون، ئەمە لە کاتێکدا سەرکردە بوو، زانا بوو، سیاسیی بوو، مەلا بوو، موجاهید بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبێکیش بوو، کە مردیش مردنێکی ئاسایی نەمرد ، لە پاش نوێژی بەیانیی ڕۆژی 2007/1/25 دوای ئەوەی کەمێ قورئان دەخوێنێ بە خێزانەکەی دەڵێ کەمێ هەست بە ئازار دەکەم ئەویش کەمێ شانی بۆ دەشێلێ و پاڵ دەکەوێ ، ئیدی ڕاکشانەکەی سەفەری خۆشخوانیی و خۆشڕەوتیی بووە لەگەڵ فریشتەکانداو! ئەوەندە ئەتوانم بنووسم و قسە بکەم، چونکە گوزارشت کردن لە سەرکردەیەکی وا پەنجە شکانی دەوێ، ئەوەشی بیەوێ لە گەورەیی بدوێ هیچی نەوتووە !

سڵاو لە ماندوو بوون و خەبات و ئارەق ڕشتنت ، کەس شاهید نەبێ وەڵڵا بەندە شاهیدە کە ئەمبینیت بەدەست خۆم نەبوو قیامەتم دەهاتەوە بیر .